# یانەی هەولێر لە هێنانی



*دوای ئەوەی یانەی هەولێر توانی بۆ جاری سێیەم لەسەر یەکدی خولی یانە پلە نایابەکانی عێراق بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزا توانی لە یانەی نەجەف بباتەوە، جامەکە بۆ جاری سێیەم بگەڕێنەوە شاری هەولێر لە هەمان کاتدا لە جامی یەکێتی ئاسیا یانەی*

ڕێبین ڕەمزی
rebin1985@yahoo.com

### بۆندی یاریزانە تازەکان

یانەی هەولێر بۆ وەرزی داهاتوو بۆندی لەگەڵ چەند یاریزانێکی بە توانا مۆرکرد، ئەویش بە پێی پێویستی یانەی هەولێر و لەسەر داواکاری راهێنەر سائیر ئەحمەد ئەم بۆندانە لەگەڵ یاریزانەکان مۆرکراوە، سەرەتا یانەی هەولێر بۆندی لەگەڵ دوو یاریزانی لاو مۆرکرد ئەوانیش هەریەکە لە یاریزانان کەڕار تاریق و ئەحمەد ئیبراهیم بە بڕی (٣٠) ملیۆن دینار بۆ ماوەی یەك وەرز، هەردوو یاریزانی ناوبراو لە وەرزی رابردوو لە یانەی سەلاحدین یارییان دەکرد و یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی عێراقن، یاریزان ئەحمەد ئیبراهیم لە هێڵی بەرگری لە دواوە یاری دەکات چاودێران زۆر بە باشی ئاستی ئەم یاریزانە وەسف دەکەن و دەڵێن یانەی هەولێر سوودێکی باشی لێ وەردەگرێت، سەبارەت بە یاریزان کەڕار تاریقش یاریزانی هێڵی هێرشبەرە و یاریزانێکی بە توانایە، ئاستی زۆر بەرزە دەتوانی بە هەموو شێوەیەك گۆڵ تۆمار بکات، هەروەها یانەی هەولێر بۆندی لەگەڵ چوار یاریزانی یانەی نەجەف مۆرکرد، ئەوانیش هەریەکە لە یاریزانان سەهل نەعیم و حوسێن کەریم هەردووکیان بە بڕی (٦٠) ملیۆن دینار و نەبیل عەباس بە بڕی (٧٠) ملیۆن دینار و بۆندی یاریزان سەعید موحسین تا ئێستا دیار نییە چەندە، ئەوەی جێگای باسە هەریەکە لە نەبیل عەباس و سەعید موحسین لە هەڵبژاردەی عێراق یاری دەکەن، سەرەتا باسی یاریزان سەهل نەعیم دەکەین کە یاریزانێکی زۆر بە توانایە لە هێڵی ناوەراست یاری دەکات و تەمەنی زۆر بچووکە یاریزانێکی زۆر مەترسیدارە یەکێك لەو یاریزانانەی کە یانەی نەجەف پشتی پێ دەبەست لە وەرزی رابردوو ئەم یاریزانە لە هەڵبژاردەی ئۆلۆمپی عێراق یاریکردووە، یاریزان حوسێن کەریم کە لە هێڵی هێرشبەر یاری دەکات و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ یاریزانێکی زۆر بە توانایە گۆڵکارە، بەڵام لە یاری کۆتایی زۆر کەریم بوو لەگەڵ یانەی هەولێر دوای ئەوەی لەم یارییە چەندین گۆڵی راستەقینەی تۆمار نەکرد، بەڵام لە وەرزی رابردوو ئەم یاریزانە گۆڵکاری یانەی نەجەف بوو دوای ئەوەی توانی (٩) گۆڵ تۆمار بکات ئەمەش رێژێکی زۆر باشە بۆ یاریزانێك لەم تەمەنە، ئەم یاریزانە لە هێڵی هێرشبەر زۆر مەترسیدارە دەتوانی هێڵی بەرگری تیپی بەرامبەر زۆر بە ئاسانی بشێوێنێت، یانەی هەولێر پێویستی بەم جۆرە یاریزانە هەیە بە تایبەتی لە جامی یەکێتی ئاسیا، سەبارەت بە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی نەجەف نەبیل عەباس کە لە هێڵی بەرگری یاری دەکات یاریزانێکی یەکجار بە توانایە لە هێڵی بەرگری لە راست و لە دواوە یاری دەکات یانەی هەولێر دەتوانێ بە تەواوی پشت بەم یاریزانە ببەستێت لە دوا رۆژ، یاریزانێکی زۆر بەهێز نەبیل عەباس دوو ساڵ پێش ئێستا یانەی وەکری قەتەری بۆندێکی فەرمی پێشکەش ئەم یاریزانەی کرد، بەڵام یانەی نەجەف ئامادە نەبوو دەستبەرداری ئەم یاریزانە بێت بە بیانووی بەشداریکردنی یانەی ناوبراو لە پاڵەوانیەتی یانەکانی ئاسیا، ساڵانێکە یانەی هەولێر لەبەر نەبوونی یاریزانێکی بە توانا لە هێڵی ناوەراست کە بتوانێ هەلی گۆڵ تۆمارکردن بۆ یاریزانانی هێڵی هێرشبەر دروست بکات و لە هەمان کاتدا لێدانی بەهێز لە دەرەوەی سزا ئاراستەی گۆڵی تیپی بەرامبەر بکات، بەڵام ئەمساڵ دەستەی کارگێری یانەی هەولێر ئەم کێشەی چارەسەر کرد دوای ئەوەی توانی بۆند لەگەڵ یاریزانی بە توانا سەعید موحسین مۆربکات، ئەم یاریزانە لە هێڵی ناوەراست یاری دەکات لێدانی زۆر بەهێزە لە دەرەوەی ناوچەی سزا و هەروەها فاوڵی بە شێوەیەکی زۆر جوان جێبەجێ بکات لە



# یاریزانان بەردەوامە

***هەولێر گەیشتە قۆناغی هەشتەمی ئەم پاڵەوانیەتیە لە مانگی (٩) رووبەرووی یانـــەی کوەیت کوێتـــی دەبێتەوە لە دوو یاری کە یاری یەکەم لە کوەیتە و یاری دووەم لە شـــاری هەولێـــری پایتەختی هەرێمی کوردســـتان ئەنجـــام دەدرێت، بە مەبەســـتی خۆ ئامادەکردنی یانەی هەولێر بۆ وەرزی داهاتوو.***



هەمان کاتدا دەتوانی زۆر بە ئاســـانی هەل بۆ یاریزانانی هێڵی هێرشبەر دروست بکات، بۆیە یانـــەی هەولێر ســـوودێکی تەواو لەم یاریزانـــە وەردەگرێت بـــە تایبەتی لە جامی یەکێتی ئاســـیا، یانەی هەولێـــر بۆندێکی لەگەڵ یاریزانی یانەی ئەمانە و هەڵبژاردەی عێراق عیســـام یاسین بە بڕی (٦٠) ملیۆن دینـــار مۆر کرد بۆ ماوەی یـــەك وەرز، ئەم یاریزانە لە هێڵـــی بەرگری یاری دەکات بە تایبەتی لە لای راســـت یاخـــود چەپ لە هەمان کاتیشدا دەتوانی لە هێڵی بەرگری لە دواوە یاری بکات، پێشتر یاری بۆ یانەکانی کەهرەبا و دهـــۆك یاری کردووە و لە وەرزی رابردوو لەگەڵ یانەی ئەمانە ئاستێکی زۆر باشـــی نیشـــاندا کە بووە جێگای ستایشی هەموو چاودێرانی بواری تۆپی پێی عێراق، تا ئێســـتا یانەی هەولێر بۆندی لەگەڵ ئەم حەفت یاریزانە مۆرکردووە.

**یانەی هەولێر گفتوگۆی لەگەڵ چەند یاریزانێکی سوپەر ستار دەکات**

هەرچەنـــدە یانەی هەولێـــر بۆندی لەگەڵ ئـــەم یاریزانانە مۆرکردووە، بـــەڵام لە هەمان کاتـــدا گفتوگۆ لەگەڵ چەند یاریزانێکی تر دەکات کە تیاییدا یانەی هەولێر لە هەوڵێکی جـــدی دایە بۆ ئەوەی بۆند لەگەڵ یاریزانی بە توانـــای یانەی پێرس هەردی ســـیامند مۆربـــکات ئەم یاریزانە لـــە هێڵی بەرگری یـــاری دەکات لە لای چەپ ئـــەم یاریزانە زۆر بە توانایە لە هەمان کاتدا گۆڵکاریشـــە دەتوانی گۆڵ تۆمار بکات بە لێدانی سەرەتا ئێســـتا گفتوگۆیەکە گەیشتۆتە قۆناغێکی پێشکەوتوو رەنگە لە چەند رۆژێکی داهاتوو ئەم یاریزانە لە یانەی هەولێر یاری بکات، لە لایەکـــی تر‌ەوە یانەی هەولێر لە گفتوگۆدایە بۆ ئەوەی بۆندێك لەگەڵ یاریزانی بە توانای هەڵبژاردەی عێراق و یانەی خۆری قەتەری مەهدی کەریم مۆربکات، هەرچەندە یاریزانی ناوبـــراو رەزامەندی خۆی نیشـــان داوە بۆ ئەوەی بۆند لەگەڵ یانەی هەولێر مۆربکات، بەڵام تـــا مانگی (١١) گەر هەر بۆندێکی لـــە دەرەوەی عێراق بۆ هات ئەوە دەچێتە ئەم یانەیە، بە پێچەوانەوە گەر هیچ بۆندێکی بۆ نەهات ئـــەوە لە یانەی هەولێر یاری دەکات، بەڵام چەنـــد ســـەرچاوەیەك دەڵێن مەهدی کەریـــم گفتوگۆ لەگەڵ چەنـــد یانەیەکی تـــری عێراقی دەکات، بەڵام لە چەند رۆژی داهاتوو هەموو راستیەکان بە دیار دەکەوێت، هەروەها یانەی هەولێر بە نیازە بۆند لەگەڵ یاریزانی یەکجار بە توانا مۆربکات بۆ ئەوەی ریزی یانەکەی بەهێز بکات ئەم دوو یاریزانە زۆر بە توانان، وا چاوەروان دەکرێت لە چەند رۆژی داهاتوو بۆندی ئەم دوو یاریزانە تەواو بکرێت.

**بۆندی چەند یاریزانێکی عەرەب نوێکرایەوە**

دوای کۆتایـــی هاتنی خولی پلە نایابەکانی عێراق بـــۆ تۆپی پێی دەســـتەی کارگێری یانەی وەرزشی هەولێر بریاریدا بۆندی چەند یاریزانێك نوێبکاتەوە کـــە تیاییدا، گۆڵچی بە توانـــای یانەی هەولێـــر ئەحمەد عەلی بۆندەکەی لەســـەر کاغەزی سپی نوێکردەوە وەکـــو رێزلێنانێـــك بۆ جەماوەر و دەســـتەی کارگێـــری یانەی هەولێر بە هەمان شـــێوە یاریزان ئەحمەد سەڵاح لەسەر کاغەزی سپی بۆندەکەی لەگەڵ یانـــەی هەولێر نوێکردەوە ئەمە دەبێتە چوارەم وەرز کە یاریزانی ناوبراو لە ریزی یانـــەی هەولێر یاری دەکات رۆڵێکـــی ســـەرەکی هەبوو لە دەستکەوتەکانی یانەی هەولێر لە هەر سێ وەرزی رابردوو، هەروەهـــا یانـــەی هەولێر بۆندی لەگەڵ هەریەکە لە یاریزانـــان یاســـر رەعد و ویســـام زکـــی و ئەحمەد عەبـــد عەلـــی کوبی و حوسێن عەبدولوا حیـــد بۆندەکانیان لەگەڵ یانەی هەولێر بۆ وەرزێکـــی تر نوێکـــردەوە بە



بڕی (٨٠) ملیۆن دینار ئـەم یاریزانانە لە وەرزی رابردوو ئاستێکی باشیان نیشان دا کە رۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لە سەرکەوتنەکانی یانەی هەولێر، بە هەمان شێوە یانەی هەولێر بۆنـدی یاریزانی بە توانا موسـلم موبارك بۆ وەرزێکە داهاتو نوێکـردەوە بە بۆندێکی گران بەها ئەویـش (٨٧,٥) ملیۆن دینارە، تا ئێستاش گفتوگۆ لەگەڵ یاریزانی هێڵی هێرشـبەری یانەی هەولێر لوئەی سـەلاح بەردەوامە بۆ ئەوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی هەولێر نوێ بکاتەوە بۆ وەرزی داهاتوو.

**یانەی هەولێر دەستبەرداری چەند یاریزانی یانەکەی دەبێت**

دوای کۆتایـی هاتنـی وەرزی رابـردوو راهێنـەری یانەی هەولێر سـائیر ئەحمەد بڕیاریدا کەوا دەستبەرداری چەند یاریزانێك بێت هەندێکیان بەهۆی نزمی ئاسـتیان و هەندێکی تریش بە بیانووی دروسـتکردنی کێشـە لە نێو تیپەکە، ئـەم یاریزانانەی کە دەسـتبەرداریان بووە هەریەکە لە سـامال سـەعید و خەلـدون ئیبراهیـم و عەلـی مەنسـوور و سەعد عەتیە و حیدەر جەبار و عەلا عەبدولحوسێن بوو، هەرچەندە سامال سەعید و خەلدون ئیبراهیم لە وەرزی رابردوو ئاستێکی زۆر باشیان لەگەڵ یانەی هەولێر نیشاندا، بەڵام راهێنەر بڕیاری کۆتایی خۆی دابوو،بۆیە لە وەرزی داهاتوو ئەم یاریزانانە لە یانەی هەولێر یاری ناکەن.

**یاریزانە کوردەکان هەموویان بۆندیان نوێ دەکرێتەوە**

دەسـتەی کارگێڕی یانەی هەولێر بڕیاریدا کەوا بۆندی گشـت یاریزانە کوردەکان لـە ریـزی یانەکـەی بـۆ وەرزی داهاتـوو نـوێ بکاتەوە بە بێـی دیاریکردنی نرخی بۆندەکانیـان، چونکـە لە چەنـد رۆژی داهاتوو کۆبوونەوەیـەك لەگەڵ یاریزانەکان دەکـەن بۆ ئەوەی بە فەرمـی بۆندەکانیان نوێ بکرێتـەوە یاریزانەکانیش هەریەکە لە سەرهەنگ موحسین و دیدار حامید و رافد بدردین و شـوان مامۆ و شـێرزاد محەمەد و دیار رەحمان و هـەردی نورەدین و دڵدار ئیبراهیم و رێکان دەروێش، جێگەی باسـە چەنـد یاریزانێك سـالآنێکە زۆرە لە ریزی یانـە ناوبراو یاری دەکـەن و یانەی هەولێر لە وەرزی داهاتوو پێویسـتی بەم یاریزانانە دەبێت، چونکە لە دوو پاڵەوانیەتی بەشداری دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی ماندووبوونێکی زۆر ئەم شـتەش لە وەرزی رابردوو زۆر بە روونی دیار بوو.

یانەی هەولێر بۆ وەرزی داهاتوو تیپێکی زۆر باشی دروست کردووە بە تایبەتی لە هێڵی هێرشبەر و هێڵی ناوەراست و گۆڵچی کەوا لەم سێ هێڵیە هیچ گیروگرفتێکی نییە گشت یاریزانەکانی بە توانانن، بەڵام تەنیا کێشەی لە هێڵی بەرگری دەبێت، لە هێڵی بەرگری تەنیا یاریزانەکان نەبیل عەباس و ئەحمەد ئیبراهیم و عیسام یاسین و یاسر رەعد و رافد بدرەدین یاری دەکەن ئەمەش ژمارەیەکی یەکجار کەمە گەر سەیری لای چەپ بکەین گەر بوندی هەردی سیامند تـەواو بوو هاتە ریـزی یانەی هەولێر ئەوە لەگەڵ یاسر رەعد لەم شوێنە یاری دەکەن بەمەش هیچ کێشەی لە لای چەپ نابێت و لە لای راستیش هیچ کێشەی نابێت کاتێك هەریەکە لە عیسام یاسین و نەبیل عەباس و رافد بەدرەدین یاری دەکەن، بەڵام لە هێڵی دواوە کێشەیەکی زۆری دەبێت تەنیا یاریزانی لاو ئەحمەد ئیبراهیم لەم شوێنە یاری دەکات، نەبیل عەباس دەتوانێ لـەم شوێنە یاری بکات، بەڵام گەر یاریزانێك تووشی پێکان هـات یاخوود بە هـۆی وەرگرتنی کارتی زەرد یاخود سوور یاری نەکرد ئەوە تووشی گرفتێکی زۆر دەبێن، بۆیە دەبێت دەستەی کارگێری یانـەی هـەولێر بۆند لەگەڵ یاریزانێك مۆربکات کە لە هێڵی دواوە یاری بکات بۆ ئەوەی لەم هێڵەش یانەی هەولێر تووشی هیچ گرفتێك نەبێت.

لـە کۆتاییدا یانەی هەولێـر تیپەکەی زۆر بـاش بەهێز کردووە بـەم بۆندانە لەم چەند رۆژی داهاتوو تیپەکە بـە تەواوی ئامادە دەبێت، بۆیە دەبێت دەسـتەی راهێنەران هەر لە ئێسـتاوە خۆیان بۆ جامی یەکێتی ئاسیا ئامادە بکەن، چونکە مانگێك بۆ ئەنجامدانی یارییە چارنووسـازەکەیدا ماوە کە ئەنجامی بدات و دەبێت ئۆردوگایەکی مەشـقی باش ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بتوانن دووبارە خۆشی و شـادی بخەنە نێو دڵی هەولێرییەکان کە هەردەم لە چاوەروانی ئەنجامی باش دەکەن لە یانەکەیان.





هەر سێکیان بەرێکران

# کاوە ئیبراهیم : غەدرێکی گەورەم لێکراوە بۆ هەڵبژاردەی عێراق بانگهێشت نەکراوم



کاوە ئیبراهیم یەکێك بوو لە ڕاهێنەرە گۆڵچیە هەرە توانیەکانی کوردستان و یەکەم ڕاهێنەری پیشەگەری کورد لە دەرەوەی وڵات، لە مانگی ڕابردوو ڕاهێنەری ناوبراو چووە وڵاتی نەمسا بۆ ئەوەی بەشداری لە خولێکی (معایشە) لەگەڵ یەکێك لە یانەکانی نەمسا بکات ئەم خولەش لە ئەکادیمیەی (فۆر ئیلبێرگی) نەمساوی بوو، لەمبارییەوە کاوە ئیبراهیم دەڵێ: لە کوردستان تەنیا من لەم خولە بەشداریم کرد چونکە خولەکە لەگەڵ یانەکان بوو، ئەم خولەش بە سەرپەرشتیاری ئەندریاس کوبف (ANDREAS KOPF) کە سەرۆکی یەکێتی و سەرۆکی ئەکادیمی فۆرئیلبێرگ بوو، ئەم سەرۆکە زۆر ڕێز لە وەرزشوانان دەگرێت و ماندوبونێکی زۆر دەکات تاوەکو ڕاهێنەر و یاریزانەکان ئاستیان بەرەو پێش بچێت، ئەم سەرۆکە بڵێنی پێ داوم گەر هەر خولێکی تر بکرێتەوە لە نەمسا ئەوە بانگهێشتم دەکات و پێشی ڕاگەیاندم ئەمە سەرتاییەکە.

دەرباری ئەوەی کە ڕاهێنەرەکانی خولەکە چەند کەس بوون و لە کێ پێك هاتبوون کاوە ئیبراهیم گوتی: ڕاهێنەرەکانی ئەم خولە پێك هاتبوون لە ( تیلی باولوسکی و گابی و کۆڵمان و گیرالد و هیڵمۆت) ئەم ڕاهێنەرانە لە ئەکادیمیە بوون من کارم لەگەڵیان دەکرد.

دەرباری ئەو یانانەی کە معایشیان لەگەڵدا کردبوو گوتی: من لەگەڵ یانەی (ئێف جی هارت)ی نەمساوی کە یانەیەکی پلە دووی نەمساویە بوو و هەروەها لەگەڵ یانەی ( ئاوس تریا لۆس تەناو) ئەویش یانەیەکی پلە دووی نەمساوەیە و یانەی (ئاڵتاخ) یانەیەکی پلە یەکی نەمساوییە ئەم یانانە ئاستیان زۆر بەرز بوو و یارییەکی زۆر خێرا دەکەن و گشت ڕاهێنانەکان پراکتێك و تیۆری بوون و ڕاهێنەرەکان زۆر زیرەك بوون تا ڕادەیەك ئەگەر هەر ڕاهێنانێکان ئەنجام دابە دەبوایە بزانن ئەم ڕاهێنانە سوودی چییە و خراپی چییە، من زۆر سوودم لەم خولە وەرگرت چونکە شارەزای چۆنیەتی ڕاهێنانی ئەوروپی بووم، ئەم خولە سودێکی زۆر باشی بۆ من دەبێت لە دوا ڕۆژ، دوای کۆتایی هاتنی خولەکە بڕوانامێکی باوەر پێکراوم لە لایەن ئەکادیمی (فۆر ئیلبێرگ) وەرگرت ئەم بڕوانامەیە باوەر پێکراوە.

دوای کۆتایی هاتنی ئەم خولە و نوێ نەکردنەوەی بۆندەکەی لەگەڵ یانەی وەحداتی ئوردنی دەرباری ئەوەی کەوا بۆ وەرزی داهاتوو بۆ کام یانە یاری دەکات کاوە ئیبراهیم گوتی: ئەوەی ڕاستی بێت من لە ستافی ڕاهێنەری بە توانا ئەکرەم ئەحمەد سەلمانم ئەم ڕاهێنەرە بچێتە کام یانە منیش هەر لەگەڵ ئەوەم، ئەگەر هەر بۆندێکم لە یانەکانی عەرەبی یاخود ئەورووپیم بۆ هات من ناتوانم بریاری کۆتایی لەسەر ئەم بۆندانە بدەم چونکە دەبێ یەکەم ڕەزامەندی ڕاهێنەر ئەکرەم ئەحمەد سەلمان وەربگرم ئینجا بریاری کۆتاییم دەدەم، چونکە ئەمە بچوکترین وەفادارییە بۆ ئەم ڕاهێنەرە بە توانایە چونکە ئەو منی بە دونیای پیشەگری ناساند.

دەرباری ئەوەی ئایا ئامادەیە گەر بۆندێکی لە یانەی هەولێر پێ گەیشت دووبارە لەم یانەیە کار بکات کاوە ئیبراهیم گوتی: چ کاتێك ئەم بۆندەم بۆ هات ئێنجا وڵامی کۆتاییم دەدمەوە.

هەر چەندە کاوە ئیبراهیم دەستکەوتی زۆر باشی لەگەڵ ئەو یانانە بە دەستهێناوە کە کاریان لەگەڵدا کردووە، کەچی تا ئێستا ئەرکی ڕاهێنەرایەتی گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراقی پێ نەسپێردراوە لەمبارییەوە کاوە ئیبراهیم گوتی: ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەسانێك پاڵپشتیمان بکات بۆ ئەوەی ببینە ڕاهێنەری گۆڵچیەکانی هەڵبژاردەکانی عێراق جا چ ( ئۆلۆمپی – پێشکەووتوان – لاوان – تازەپێگەیشتووان – بچکەشێران) بێت، ئێستا هەندێك ڕاهێنەر هەیە بویتە ڕاهێنەری گۆڵچی هەڵبژاردەی عێراق تەنیا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەوا پێشتر گۆڵچیەکی باش بووە، بەڵام ئەمە مەرج نییە، دەبێ دەست نیشان کردنی ڕاهێنەرەکان بە ئەنجام و دەستکەوتەکانی لەباری پێگەیاندنی گۆڵچی بێت، گەر ئەم شتانە لە من بەدی نەکرێت ئایا ڕاهێنەر ئەکرەم ئەحمەد سەلمان ئامادیە مێژووی خۆی لە پێناو من لە دەست بدات چونکە بۆ هەر شوێنێك بڕوات منی هەر لەگەڵە، بۆیە من هەست دەکەم غەدرێکی گەورەم لێکراوە کە بۆ ڕاهێنەرایەتی هەڵبژاردەی عێراق دەستنیشان نەکراوم.

هۆی نەبوونی قوتابخانەیەکی تایبەت بە دروست کردنی ڕاهێنەر گۆڵچی لە کوردستان بۆ چ دەگەڕێتەوە و گەر داوای لێبکرێت ئەم قوتابخانەیە لە کوردستان بکاتەوە ئامادەیە ئەم داوایە بهێنێتە جێ، لەمبارەوە کاوە ئیبراهیم گوتی: ئامادەم، بەڵام من چەند مەرجێکم هەیە، لەوانە دابین کردنی ستافێکی ڕاهێنەری بە توانا و دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی ڕاهێنان لە کەل و پەل و یاریگا و مووچەی ڕاهێنەرەکان و چەندین شتی تر جا ئەم قوتابخانەیە سەر بە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بێت یاخوود سەر بە لایەنێکی تر بێت، دوای پێگاندنی گۆڵچی بە توانا ئەم قوتابخانەیە دەتوانی ئەم گۆڵچیانە بفرۆشێتە یانەکان بەمەش یانەکان سوود بەخش دەبن و قوتابخانەکەش لە لایەن دارایییەوە سودی وەردەگرێت.

# کورتەیەک لە مێژووی گەشتی پێش...

موحسین عەزیز ئەحمەد
ڕاهێنەری پایسکلسواری لە بەریتانیا

گەشتی پێشبڕکێی پایسکلسواری وەک وەرزشێکی گرنگ لە سەرانسەری دونیا بایەخێکی زۆری پێدەدرێ، بە تایبەت لە ئەوروپا ئەم وەرزشە سەرنجی خەڵکێکی زۆری بۆ خۆی ڕاکێشاوە، یەکێک لە گەشتە گرنگەکان، گەشتی پێشبڕکێی پایسکلسواری فەرەنسایە کە بە (Tour de France) ناسراوە.

**بیرۆکەی دەست پێکردنی چۆن بوو؟**

یەکەمین ڕۆژنامەی وەرزشی لە فەرەنسا لە کۆتایی سەدەی نۆزدە ڕۆژنامەی لی ڤێلۆ بوو، کە ڕۆژانە (٨٠) هەزار دانەی لێدەفرۆشرا. لە فەرەنسا ئەوسا کێشە و ناکۆکیەک لە سەر سەربازێک بە نێوی ئەلفرید دریفوس هاتە پێش کە بە فرۆشتنی زانیاری نهێنی بە ئەڵمانەکان تاوانبار کرا بوو، کە لە پاشان بێگوناه دەرچوو. ڕۆژنامەی لێڤێلۆ داکۆکی لە دریفوس دەکرد و پێیوابوو بێگوناهە کەچی هەندێک بڵاوکەرەوەی گەورەی دی لەوانە ئەلبێرت دی دیۆن، پێیوا بوو دریفوس تاوانبارە. کێشە و هەڵچوون و توڕە بوون کەوتە نیوان بڵاوکەرەوەکان و پیر گیفاردی سەرنوسەری ڕۆژنامەکە. ئیدی دوای ئەوە بڵاوکەرەوەکان دەستیان کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕکابەر بە نێوی لیئۆتۆ.

ڕۆژنامەی لی ئۆتۆ دەستی کرد بە پروپاگەندە کردن بۆ گەشتێکی پایسکلی بە نێو فەرەنسادا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە ململانێ لەگەڵ گەشتی پایسکلسواری برێست – پاریس بکات کە لەلایەن گیفاردەوە ڕێکخرا بوو، بیرۆکەی گەشتێکی پایسکلی بە نێو فەرەنسادا لەلایەن ڕۆژنامەنووسی لی ئۆتۆ و سەرۆکی پایسکلسواری گیۆ لیفێڤری تەمەن (٢٦) ساڵەوە خرایە ڕوو. گیۆ لیفێڤری لەگەڵ سەرنووسەری ڕۆژنامەکە لە ساڵی (١٩٠٢) گفتوگۆی ئەو بیرۆکەیان کرد، ڕۆژنامەی لی ئۆتۆ لە ساڵی (١٩٠٣) گەشتەکەی ڕاگەیاند . لە پێشدا بەرنامەی پێشبڕکێیەکە بۆ ماوەی پێنج هەفتە بوو، ئەو ماوەیە بۆ زۆربەیان جێگەی ترس و گومان بوو، لە پێشدا تەنها (١٥) پایسکلسوار بڕیاری بەشداری کردنیاندا، لە پاشان ماوەکەی کورت کرایەوە بۆ تەنها (١٩) ڕۆژ و مێژووی دەستپێکردنی پێشبڕکێیەکەشی گۆڕا، لەگەڵ پێدانی موچەیەکی ڕۆژانە. ئیدی ئەمجارە (٦٠ )پایسکلسوار هاتنە پێش بۆ بەشداری کردن، کە ئەوانە تەنها کەسانی پیشەگەر نەبوون بەڵکو کەسانی ئارەزوومەندیشی تێدا بوو، هەندێکیان بێکار بوون و هەندێکیش تەنها حەزیان لە سەرەڕۆیی بوو. داخوازی زۆری پێشبڕکێکە ( کە تێکڕایی گەشتەکەی بە (٤٠٠) کیلۆمەتر مەزندە دەکرا و بۆی هەبوو لە شەویشدا بەردەوام بێت) سەرنجی خەڵکەکەی ڕا کێشا، فرۆشی ڕۆژنامەی لی ئۆتۆ لە (٢٥) هەزار دانە بۆ (٦٥) هەزار دانە بەرز بووەوە، لە گەشتی ساڵی (١٩٠٨) گەیشتە چارەگە ملیۆنێک، لە گەشتی ساڵی (١٩٢٥) بوو بە (٥٠٠) هەزار دانە، لە گەشتی ساڵی (١٩٣٣) گەیشت بە (٨٥٤) هەزار دانە.

لە گەشتی ساڵی (١٩٣٩) بە هۆی کێشە سیاسیەکانی بەر لە شەڕی جیهانی دووەمەوە تیمەکانی ئیتاڵیا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا بەشداریان نەکرد، لە پاشان ئەو گەشتە تا ساڵی (١٩٤٧) ئەنجام نەدرا، هەرچەندە لەو ماوەیە پێشبڕکێی دیکە ئەنجام دران.

ئەمڕۆ ئەم گەشتە لەلایەن (کۆمەڵەی گەشتێک بەنێوفەرەنسادا) ڕێکدەخرێ کە ئەویش لەلایەن ڕێکخراوی ئەماوری وەرزش کۆمەکی دارایی دەکرێ، کە بەشێکە لە گروپی مێدیا و خاوەنەکەی ڕۆژنامەی (لیئیکویپ)ە.

**گەشتی پایسکلسواری فەرەنسای ٢٠٠٩**

ئەمساڵیش وەک ساڵانی ڕابردوو ئەم پێشبڕکێکە بە بەشداری (٢١) تیم دەستی پێکرد، کە هەر تیمێک لە (٩) یاریزان پێکهاتووە، باشترین یاریزانی جیهانیش بەشداریان تێدا کردووە. شایانی گوتنە ئەمساڵیش یاریزانی بە نێوبانگی ئەمەریکی لانس ئەرمستڕۆنگ کەوا بۆ ماوەی حەوت ساڵ لە دوای یەک پاڵەوانی ئەم پێشبڕکێیە بووە دووبارە گەڕایەوە نێو ئەم پێشبڕکێیە دوای دابڕانی بۆ ماوەی سێ ساڵ لەم پێشبڕکێیە دا.

ئەوەی شایانی باسە پاڵەوانانی ئەم پاڵەوانەتییە لە چەند ساڵی ڕابردو بەم شێوەیە بوو:

پاڵەوانی ٢٠٠٨ کارلۆس سیستیر لە ئیسپانیا

پاڵەوانی ٢٠٠٧ ئەلبەرت کەنتەدۆر لە ئیسپانیا.

پاڵەوانی ٢٠٠٦ ئۆسکار پەرئرۆ لە ئیسپانیا.

ئەوەی جێگەی باسە گەشتی پایسکلسواری فەرەنسای ئەمساڵیش ماوەکەی (٣٤٤٥) کیلۆمەترە و بە (٢١) قۆناغ دەبڕن و دوو ڕۆژیش پشوویان هەیە.

ئەم پێشبرکییە لە بەشی باشوری خاکی فەرەنسا و بەرشەلۆنەی ئیسپانیا دەبڕێت ئەوجا جارێکی دی دەگەڕێنەوە بۆ نێو فەرەنسا بەرەو سنووری ڕۆژئاوای سویسرا و ئیتالیا دەچێت





و دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ نێو فەرەنســا و شاری پاریس دوا وێســتگەیان دەبێت و لە شــەقامی (شانزلیزێ) کۆتایی دێت.
ئــەم پێشــبڕکێیە هەرچەنــدە پێیدەگوترێت (گەشتێک بە نێو فەرەنســادا) بەڵام هەر لە نێو ســنوورەکانی فەرەنسادا نامێنێتەوە، بەڵکو سنووری وڵاتانی دی وەک ئیتاڵیا و ئیسپانیا و سویســرا و بەلجیــکا و لوکســمبورگ و هەندێک جار بەریتانیا و ئێرلەندەش دەبڕن.
لــە وڵاتانــی ئەوروپــا بایەخێکــی زۆر بەم پێشــبڕکێیە دەدرێــت و لایەنگرێکی زۆری هەیە، خەڵکانێکی زۆریش لە هەموو وڵاتانی ئەوروپــا روو دەکەنە فەرەنســا بۆ بینینی ئەم پێشبڕکێیە.
لەم پێشبڕکێیە هەر یاریزانێک کەمترین کات و زۆرتریــن خاڵ بۆ خۆی تۆمــار دەکات و دەتوانێــت بە کــۆی گشــتی یەکەمی ئەم پاڵەوانییــە بێت، هەرچەنــدە یەکەمیش نەبوو بێــت لە قۆناغەکانی پێشــبڕکێیەکە. وەک یاریزانی ئەمەریکی گرێگ لیمۆن لە ســاڵی ١٩٩٠ کەمترین کاتی هەبوو لە کۆی هەموو قۆناغــەکان کەچی لە هیــچ قۆناغێکیش یەکــەم نەبــوو. لە قۆناغــی یەکەمەوە هەر کەســێک کەمتریــن کاتی هەبێــت دەبێت بــە پاڵەوانی ئەم قۆناغــە و فانیلەی زەردی پێدەبەخشرێ و لە رۆژی دواتر لەبەری دەکات و وەک باشترین یاریزان لــە نێو یاریزانەکان دیار دەبێــت، تا کۆتایی قۆناغەکان فانیلەی زەرد بە کۆی گشــتی بە باشــترین یاریزانی پێشبڕکێیەکە دەدرێت. ئەگەر خاوەن فانیلەی زەرد لە هەر قۆناغێک بە دوا بکەوێت یەکێکی تر لەو باشــتر بێت ئەوا فانیلەی زەردەکە ئەو وەریدەگرێت. فانیلەی ســەوزیش بەباشــترین یاریزانی ســپرینت دەدرێت لە راستاییدا، کەوا لە نێوان پێشــبڕکێیەکەدا دوو شوێنی تایبەت دیاری دەکەن بۆ سپرینت.
فانیلەی ســپیش بە باشــترین یاریزانی خوار تەمەنی ٢٢ ســاڵی دەدرێت. فانیلەی ســپی خاڵی سوور بە باشترین یاریزانی سەرکەوتوی بەرزاییــەکان و چیاکان دەدرێــت. لە هەمان کاتیشدا یاریزانەکان کاتیان بۆ تۆمار دەکرێت و رۆژ لە دوای رۆژ خاڵەکانیان کۆ دەکرێتەوە و دیاری بەنرخ بەسەریاندا دابەش دەکرێت.
ئەوەی شــایانی باســە ئــەم پاڵەوانەتییە بە کۆنترین و گەورەترین پێشــبڕکێی دەژمێرێت لە جیهاندا کە ســاڵانە بە رێکوپێکی ئەنجام دەدرێــت و بودجەیەکی زۆریشــی بۆ تەرخان دەکرێت.
لەم پێشــبڕکێیەدا نزیکــەی (٥٠٠٠) کەس ئەرکیــان پێدەســپێردرێت، لەوانــە: (٥ تــا ٦) هەلیکۆپتــەر، (٣٠ تــا ٤٠) ســەیارەی فریاکەوتــن، (٦٠ تا ٧٠) ماتۆرســکلی بۆ پاراستنی یاریزانەکان و دادوەر و وێنەگرەکان تەرخان دەکرێت،(٢٠ تا ٢٥ ) سەیارەی گەورە بۆ گواســتنەوەی کەلوپەلــی رێگاکە بەکار دەهێنرێت، هەر لە شوێنی دەسپێکردنی گەشتەکە تا کۆتایی،(٥) سەیارەی گەورە کە شاشەی گــەورەی تەلەفزیۆن هەڵدەگرن و راســتەوخۆ پێشــبڕکێیەکە بە بینــەران دەگەینن لەگەڵ گەشتەکە هەر رۆژێک لە شارێک دەبن. هەر تیمێک بۆی هەیە(٢ تا ٣ ) سەیارەی خۆی بەکاربێنێت، نزیکــەی(٨٠ تا ٩٠) وێنەگری تەلەفزیۆنی بەشداری تێدا دەکەن بۆ وینەگرتن و پەخشکردنی راســتەوخۆ، (١٥٠ تا ٢٠٠ ) وێنەگری فۆتۆگرافی بەشداری تێدا دەکەن، هەر تیمێکیــش سەرپەرشــتیکەری تایبەتی خۆی هەیــە، زۆر کۆمپانیای بە نێوبانگیش دەبێت بە سەرپەرشتیکەر و چاودێریکەری ئەم پێشبڕکێیە.
درێژترین پێشــبڕکێ لە ســاڵی (١٩٢٦)بوو، مــاوەی پێشــبڕکێکە (٥٧٤٥) کم و بە ٢٠ قۆناغ تەواو بوو،کورتترین پێشبڕکێش لە ساڵی (١٩٠٤)ماوەکەی(٢٤٢٠)کم بوو.

**پاداشت و دیاری پێشبڕکێیەکە:**

هەر لە ســاڵانی یەکەمەوە پاداشت و خەڵات و دیاری وەک مەدالیا و شتی دی دەبەخشرا بە یەکەمەکان، لە پاڵ ئەوەشــدا بڕەپارەیەک دابــەش دەکرا بۆ ئەوانەی زۆر پێشــکەوتون.
لــە ســاڵی ٢٠٠٦ زیاتر لــە ٣ ملیۆن یۆرۆ دەبەخشرێ بە پاڵەوانی یەکەم و ئەوانی دی.
ئەم نێوانەی خوارەوە باشترین ئەو یاریزانانەن کە بوون بە پاڵەوانی ئەم پێشبڕکێیە:
لانس ئارمســترۆنگ: یاریزانی ئەمەریکی، حەوت ســاڵ یەکەمی ئەم پالەوانییە بوو، لە ســاڵانی( ١٩٩٩، ٢٠٠٠، ٢٠٠١، ٢٠٠٢، ٢٠٠٣، ٢٠٠٤، ٢٠٠٥ ) یەکەم بووە.
چوار یاریزانی دی، پێنج ساڵ یەکەم بوون:
جاکــس ئەنکوێتیل: یاریزانی فەرەنســی لە ســاڵانی (١٩٥٧، ١٩٦١، ١٩٦٢، ١٩٦٣، ١٩٦٤) یەکەم بوو.
ئێد مێرکس : یاریزانی بەلژیکی لە ساڵانی (١٩٦٩،١٩٧٠،١٩٧١، ١٩٧٢، ١٩٧٤ )یەکەم بوو.
بێرنارد هینێولت : لە ساڵانی (١٩٧٨، ١٩٧٩، ١٩٨١، ١٩٨٢، ١٩٨٥) یەکەم بوو.
میگوێــل ئیندورێن : یاریزانی ئیســپانی لە ساڵانی(١٩٩١، ١٩٩٢، ١٩٩٣، ١٩٩٤، ١٩٩٥) یەکەم بوو.





# Tour de France
# ـــبڕکێی پایسکلسواری لە فەرەنسا